# گوڵەکەم ڕەحمان سۆفی

ئاسۆ بە ئەسپایی و پادزە چووە ژووری خەو،و لە پەنای ژنەکەیەدا خزییە ژێرلێفەکە. بەهاتنەکەی ئەو گوڵێ وەخەبەرهات، ئەم شان و ئەو شانی کرد. ئاسۆ خۆنەزان دەستی چوو بۆ سینەی و نێوان مەمکۆلانی گوڵێ. گوڵێش دەستی ئەوی گرت و گوشی. ئاسۆ بۆنی خۆشی ژێر چەنە و نێوان مەمکی گوڵێ ی بە حەزەوە پڕ بە سینەی هەڵمژی. هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و کوتی

« ئای لەو بۆن و بەرامە چەن خۆشە. ئۆخەی ئەم بۆنەیە کە مردو زیندوو دەکاتەوە، نە ک ئەو هەناسە ـ ییەی کە ساڵیانی ساڵە وتویانە و دەیڵێنەوە قەتیش وانییە »

دەنگی گوێلاوێنی ئاسۆ گوێی گوڵێی دەلاواندەوە. گوڵێ ش لە وەڵامی لاوانەوەکەی ئەودا گوتی « ئەزیزەکەم ئەم بۆنە خۆشە هەر ئەو عەترەیە، کە خۆت لە یادڕۆژی لە دایک بوونم دا لەگەڵ چەپکێ گوڵی سوور داتە دەستم، ئای چەن خۆش بوو، هەناسەی ئەوینمان کردە مەی سەرمەستی . مانگی هەنگوین بوون ».

دوایە بە ناڕەزایەتیەوە لێی زیاکرد « ئەرێ تۆ بۆ زووتر نایە بخەوی ماڵتا، بۆ وەخەبەرت هێنام، خەوەکەمت زڕاندم، لاچۆ بڕۆ، لێمگەڕێ با، بخەوم !»

بەڵام ئاسۆ لە سەرخۆ و بەحەزەوە پڕبە دەم لێوی گوڵێی هەڵمژی. ماچی لێوی شیرین شیرنی ژیانی و خۆشەویستی شیرین تر دەکرد. ماچێکی دڵخواز و بە لەزەت، گوڵێ ی حەساندەوە. جووتەی دڵدار یەکدیان لە ئامێز گرت و هەناسەیان نابە هەناسەی یەکەوە. ئاسۆ بە شێوەیەکی سروشتی و ئاسایی گوڵێ ی خۆش دەویست. گوڵێش بێ ڕیایی ئەوەین داری دڵخوازی هاوسەرەکە ی بوو. وەک دەڵێن چرای پەیوەندی نێوانیان ڕووناک و پڕشنگدار بوو. سات وخولی نزیک بوونەوە مانای بە دەم و دووبارە دەم دەبەخشی. لەو دەمەدا مرۆڤ هەموو شتێکی لە بیردەچێتەوە. تەنیا خودی ئەو دەمە نەبێ کە هەتاهەتایە لە بیری دڵداران ناچێتەوە. گوڵێ بە خۆشییەوە کوتی « لێم گەڕێ با بەخەوم، ماندووم » دوایە وەرگەڕا و پشتی لە ئاسۆکرد. دوای چەن خوول بە بێ دڵپەرۆشی ئارام خەوی شیرینی گرتە باوش. ئاسۆ ش لە بەر خۆیەوە کوتی

« خۆزگەم بە خۆت بە بێ خەم مەستی خەو دەبی. بنو گوڵەکام، بنوو . . .

گوڵێ لە خولیایکی خونەزانی دا چبووە باخێک. لە باخەکەدا ئاوازی مەلی سەرچڵی گوڵ گوێی دەلاواندەوە. خوشەی ئاوی زولاڵی جۆیباران گیانی تازە دەکردەوە. دڵۆپ دڵۆپی ئاونگی سەر چڵی گوڵ وەک بلورئەدرەوشایەوە. موسیقا ژەن ئەیانژەند، ئامراز دەیان ناڵان. کۆڕی دۆست و ڕفێقان کۆ ببوونەوە. بەزمی شایی و هەڵپەڕکی و خۆشی بوو. گوڵێ ش هاودامێن سپی پۆش بوو. چەپکێ گوڵی سووری بە دەستەوە بوو. پرچ و پۆڕی بە دەم کزەی بای بەیانیەوە لە سەرشان و ملی دەشنایەوە. وەکو کەوەی سەر مەستی بەهاری، لە نێو گوڵ و گیای پڕ و چڕدا قنەی دەکرد. لە ڕازی نەهێنی سروشت سەری سووڕ مابوو. لە ئاسمانی خولیایی دا دەفڕی. بەڵام لە ڕاستی دا لە شیرن خەودا لە نێو جێ وبانی گەرم و نەرمدا مرخە و پرخەی دەهات.

بەڵام ئاسۆ چاوی لەگەڵ خەو نێوانی خۆش نەبوو. تێراما بوو، لەگەڵ ئەندێشەی ئاڵۆزدا سەری دەسوو. بیری ئاڵۆز خەوی لێ توراند بوو. بۆ ئەوەی گوڵێ وەخەبەر نەهێنێ بە ئەسپایی لێفەکەی لادا و هەستا و چووە وەتاقی دانیشتن. کۆنترۆلەی تەلەڤزیونەکەی هەڵگرت و کاناڵەکانی گۆڕی، بەڵام بەرنامەی دڵخوازی خۆی پەیدا نە کرد. بە وڕەزییەوە تەلەڤزیویونەکەی کوژاندەوە. چوو بۆلای ڕەفەی کتێبەکانی. لە نێوان کتێبەکانی دا کتێبی دڵخوازی خۆیی پەیدا کرد و لە سەر مۆبلەکەی دانیشت. شەو بۆ ئەو باشترین کات بوو، کە بە ئاسودەیی بخوێنێتەوە. بەڵام پرخە پرخی گوڵێ ملۆزم بوو، هۆشی ڕۆیی بۆ لای گوڵێ. ترسێک دایگرت بوو. هەستا و بە پا خشکی ڕۆیی بۆ لای ژووری خەوەکە. چووە پشت سەری گوڵێ ی و گوێ ی نا بە هەناسەیەوە.
گوڵێ لەوە دەچوو، هەناسەی سوار بێ. ئاسۆ لە سەرە خۆدەستی برد،و سەرینەکەی نایە وە ژێر سەری گوڵێ. هەر چەن هەوڵی دا کە وەخەبەری نە هێنێ، بەڵام گوڵێ وە خەبەر هات. بە وەڕەزییەوە گوتی « ئە ها، ملۆزم، بۆ نایەڵی بخەوم »
ئاسۆ گوتی « ئاخر ئەزیزەکەم تۆ کەوتبوویە هەناسەبڕکێ لەوانە بوو بخنکێی.ئاخرتۆ نازانی، من چەندە دڵپەرۆشی تۆم. پێم وایە ئەگەر لە سەر زگ بخەوی باشتر بێ، کەمتر هەناسەت سوار دەبێ. ئەرێ ڕاستی حەبەکانت خواردووە ؟ »
گوڵێ بە دنگێکی کزەوە کوتی « من کەی پرخە پرخم کردووە، لە خۆتەوە، بەڵێ حەبەکانم خواردووە »
ئاسۆ گوتی « باوەڕم پێناکەی، کە پرخە پرخ دەکەی! باشە جارێکی دی ئەگەر پرخە پرخت کرد، دەنگت تۆمار دەکەم تا بەشکوو باوەڕم پێ بکەی »
دوایە گەڕاوە بۆ ژووری دانیشتن. لە سەرمۆبلەکەی پەنای پەنجێرەکە بە نیگرانییەوە بۆی دانیشت. چەن لاپەڕەیکی خوێنێتەوە. هەمیسان پەرخە پرخی گوڵێ بیری ئاڵۆز تر کردەوە. لە بەرخۆیەوە دەیکوت « چۆنە ئەو چەن ساڵە کە پێکەوە دە ژین نەمزانیوە کە ئەم ژنەی من بەم جۆرە پرخە پرخ دەکا! » چاوی گێڕاوە بۆ سەر کتێبەکەی. بەڵام لە نێوان هەر ڕەستە و هەر وشەیکدا پرسیاری بێ وەڵام زێهنی ئاڵۆزتر دەکرد. پرخە رخەی گوڵێ ش فەزای ماڵەکەی پڕکردبوو. پرخەکەی بە ڕادەیەک زۆر بوو، کە ئاسۆی زیاتر نیگەرانتر دەکرد. ڕۆیی کاسێتێکی لە نێو نەوارەکانی دا پەیدا کرد و گەڕاوە. لە سەر نەوارەکە بە خەتێکی خۆش نووسرابوو « قورعان» ئاسۆ هەندەک تێراما و چووە ماڵی فیکرەوە. دوای کەمێک دوودڵی بڕیارەکەی کرد بە کردەوە. لە کەنار تەختی خەوەکە چۆکی دادا و گوێی بۆ ئاهەنگی پرخەی گوڵێ هەڵخست. بە زۆڵیەتی هەم گوێ ی ڕاگرت بوو، و هوم دەنگی پرخە پرخەکەی گوڵێ ی تۆمار دەکرد. چەن خولێکی پێچوو گوڵێ خۆی وەرگێڕا. ئاسۆ کەمێک شڵەژا. دڵ نگرانیکی نەخواستە ئاڵوگۆڕی بە سەردا هێنا. بە ڕاستی دڵنگرانی چ بوو؟ خۆشی نەیدەزانی. هەستێکی غەریب دایگرتبوو. هەرپرسیار بوو وەکو زەردەواڵە لە گوێ دا ویزەی دەهات، و بێ وەڵام دە ماوە. هەمیسان لە خۆیی پرسی یانی چی ئەوە ساڵیانی ساڵە پێکەوە دەژین نەمزانیووە کە هاوسەرەکەم بەم جۆرە مرخە وپرخە دەکا. دوای ئەو هەمووو ساڵەش هێشتا یەکمان نەناسیوە!

*　　*　　*

**گوڵێ لە سەر لاتەنیشت وەرگەڕا سەر پشت، چاو بڕییە بن میچەکە، چەن جار هەناسەی هەڵ کێشا و ئاسوودە چووە کۆشکی خەوی شیرینەوە. بەڵام ئاسۆ لە سەرمۆبلەکەی کتێبەکەی لە سەرسینگی، بە ماندوویی وەنەوزی دا و چووە خەو.**

*　　*　　*

ئاسۆ حەزی دەکرد برێکی دیش بخەوە، بەڵام تیشکی خۆرەتاوی پاییزی وەخەبەرهێنا. دڵەڕاوکەیکی سەیر ئاڵۆزی کرد بوو. کەمێک خۆی کێشاوە و چەن جاری باوێک دا و لە نێو جێگا هەستاو چووە بە پەنجێرکە. پەنجێرەکەی کردەوە، تەماشایەکی باخچەکەی حەوشەی کرد. ڕوانی لە کۆلان ژیان بەردەوامە.
وەکو ڕۆژان چووە ئاشپەزخانە، سەیری کرد گوڵێ لە وێ نە بوو. بەلایەوە زۆر سەیر بوو. چونکە گوڵێ خووی بەوە گرتبوو، کە بەیانیان زوو هەڵدەستا. دەچووە ئاشپەزخانە. نان و چای ساز دەکرد، دوایە ئەوی لە خەوهەڵدەساند. سەری کێشا بۆ ژووری خەوەکە، لێی نزیک بوە وە، دی هیچ بزوەی نییە. بە دەنگێکی نەرم ولاواندنەوە بانگی لێ کرد. بەڵام ئەو هیچ وەڵامی نەداوە. بە جوانی لێی ورد بوەوە، دوای چەن خولێک هەناسەی نا بە هەناسەیەوە. بە تەواوی حەزەوە، تێڕوانی. لە نیگای ئەودا گوڵێ زۆر زیاتر لە هەموو ژنێکی ئەم گەردوونە ڕەزا سووکتر، خوێن شیرین ترو لە دڵەوە نزیک تربوو. دەستی گرت و بە نەرمی گوشی. دەستی سارد و بێ هەست بوو. تێگەیی کە کاری تەواوە. دواین هەناسە ی نەرم و نییان هەڵکێشاوەو. خاڵی کۆتایی داراوە.

**ئاسۆ نە چەپۆکی بە سەر خۆیدادا و قوڕی پێوا، ونە گریاش. تەنیا عەبەسا بوو. تێڕاما بوو، بیری لێکردەوە. گومانی لەوەدا نەما بوو کە ( ژیان پرۆسەیەکە، لە خاڵێکەوە دەست پێدەکا، شوێنێکی پڕ هەوراز و نشیو لە چەرمە سەرێ دەبڕێ و دەگاتە ترۆپکی خۆی و لە خاڵێکەی دوورتردا کۆتایی پێ دێ) ئاسۆ بێ دەرەتان مابووە. هیچی پێ نە مابوو بێجگە لەوەی، دان بەوەدا بنێ کە ئەم خاڵە لە دەسەڵاتی مرۆڤ دا ناگونجێ.**

خزم و کەس و کاری نزیک و دۆست و هاوڕێ لە دەوری یەک کۆ بوونە وە. لە خەم و پەژارەی کۆچی دوایی گوڵێ دا بەشداریان کردبوو. هەموو کزومات، و خەفەتبار. دڵ پڕ لە کۆڵ بوون. نیگا و تێڕوانینی مۆن دەردی هاوبەشی هەمووانی نیشان ئەدا. موسیقای هێدی و ئەهۆنی « نەینوا » سازدراوی موزیک زانی ناسراوی ئێرانی عەلیزادە. گوێی خەمبار دەلاوانەوە. لێرە دا وشەگەلی قەبەی عەرەبی گویی پیاوی ئازار نە ئەدا. بەڵام کەسێک بە دەنگێکی کز و پڕ دەردەوە هاتە وتار و گوتی

« دۆستانی بەڕێز زۆرتان سپاس دەکەین کە بە شداری کردنتان بوونەتە هۆی دڵخۆشی دانەوەی ئێمەیە و حەسانەوەی ڕۆح و ڕەوانی دایکی کۆچ کردومان ».
لەولاشەوە ئاسۆ چەپکێک سوورەگوڵ بە دەستەوە سەری بەردابووە و خەمبار و کزۆڵە لە نێو خەڵکەکەدا وێستابوو.
کەش و هەوا گۆڕدرا بوو. تاوێک هەتاو بوو،تاوێک هەور. نێو بە نێویش هەورێکی خەست دەگریا و خۆرەتاوی دەشاردەوە. وەک پێشینیان گوتوویانە، باران ئەگەر جارێک بباریێ ڕەحمەتە. ئەگەر دوو جار بباراێ دیسانیش خۆشە، بەڵام لەوە زیاتر بباراێ، مرۆڤ وەڕەز دەکا. ئاسۆ وەک جاری جاران خۆی دابووە دەست سروشت و با و باران. کزەی بای وادە سەرو سووڕەتی پڕ چرچ ولۆچی باوەشێن دەکرد. چەن کەس لە کۆنە دۆستانی خۆی و هاوسەرە کۆچ کردوەکەی ڕەش پۆش لە پێش پێشەوە لە بەر چاو دیار بوون.

زەویان بە درێژایی دوو متر و بە پانایی یەک متر و قوڵایی دوو هەڵکەند بوو. لە تەنیشت ئەو گۆڕە کە تازە هەڵکەنرادبوو، چەن گۆڕی دیکەش هەڵکەندرابوون. خاکی هەڵدراوەی باران خواردوو سەرنجی خەڵکەکەی ڕادەکێشا. تەرمی بێ گیانی گوڵێ لە تابووتیک دا (کە بەدەستی مام وەستای هونەرمەندی دارتاش دروست کراوە) بۆهەتا هەتایە سوکنایی هاتبوو. کابرایەک لە نێو خەڵکەکەدا هەستا و خۆی کردە دەمڕاست و گوتی
« ئادەی کوڕینە، وەرن دەست دەنێ، دەی ها، ئەها دەی دەی بی هێنن دەی، کوڕە ئەوە بۆ ڕاوێستاون! ئەها، باشە تەواوە، کەمێکی دیش ئەمجار تەواو تەواوە »
بە دوای قسەکانی ئەودا چەن لاوی بەخۆوە هەڵمەتیان برد و، تابوتەکەیان هەڵگرت و لە نزیک گۆڕەکە لە سەردوو چێو کە ڕایەڵیان کردبوو دایان نا. لەو هەڕەمە یەدا هەر کەسێک لە بەرخۆیەوە بۆڵەیەکی لێوە دەهات و شتێکی دەگوت. هی واش هەبوو فەرمانی ئەدا.« ها ، ئاها، بەریدە ن! کەمێکی دیش، ئەها باشە باشە، بڕۆدواوە » گریان و شیوەنی ژنان لە دڵ و گیانی هەموو هەتیارێک کاریگەر دەبوو. هەموو دڵکەیل و مەلول بوون. فرمێسک لاڕوومەتی کچانی دەشۆردەوە. هەڵبەتە فرمێسک بە چاوی پیاوانیشە وە دەهاتە خوارێ، بەڵام فەرهەنگی ( تابو ) حەرام کراو، گریانی پیاوانی بە دەنگی بەرزسانسۆڕ کردوە.
تاوە باران نێو بە نێو دەباری و خۆشی دەکردەوە. دەستە دەستە خەڵک هی وا بوو چەتری هەڵدا بوو. چەن کەسێک باڵتەیان لە بەردا بوو، هی واش هەبوو کڵاویان لە سەر نا بوو. بەڵام ئاسۆ هەر وەک جاری جاران خۆی دابووە دەست با وباران . دیارە تک تکی بارانە فرمێسک لە چاوی ئاسۆ، ەوە بە لاڕوومەت دا دەچۆڕاوە، و ئاوێتەی بارانەکە دەبوو. یەکێک لە خزمەکانی دەستی گرت بوو، هێدی و هێمن لە گۆڕەکەی نزیک کردەوە. ئاسۆ بە نیگای سپاسمەندوە ڕوانییە چوار تەنیشتی خۆی و بە نەرمە هەنگاو چووە سەر تابووتەکە بە چۆکدا هات. هەموو دڵپەرۆش دەیان ڕوانییە ئەو. ئەویش لە بەر با و باران شلوێ نەبوو. چەپکە سوورەگوڵ لە دەستە لەرزۆکەکانی دا زیاتر سەرنجی خەڵکەکەی ڕادەکێشا. کەمێک چاوە چاوی کرد. کچۆڵەیکی خوێن شیرین و ڕەزا سووک لە نێوان دوو گە ورە ژنی، کۆی ژنەکاندا بە گەرمیکی سەرسووڕ هێنەر پڕ بەدڵ دەگریا. سیمای ئەو کچۆڵەیە ئاسۆی بردەوە بۆ بیرەوەری تافی لاوەتی خۆی. ئەو دەمەی کە یەکەم جار( گوڵێ )ی لە گۆوەندی ئامۆزای خۆیدا دی بووی و دڵێک نا هەزاردڵ ئاشقی ببوو. گیانپاکی ئەو کچۆڵەیە و گوڵێ لەتەمەنی

لاویدا هەر دەتگوت سێوێکە و کراوە بە دوو بەش. ئاسۆ سەری بەردابووە بەربەرۆکی خۆی و ئەو چەن وشەییەی لە نێوان لێویەوە دابەزی.
« وەرە گوڵەکەم، وەرە گیانەکەم، چەپکەگوڵ دیاری و پێشکەش بە تۆیە. وەر گوڵی ژایان گوڵ بۆ ژیانە، نەک بۆ نەمان »
دوایە چەپکە سوورە گوڵەکەی بۆلای دەستە زەریفە کانی کچۆڵەکە ڕاهێشت. نیگای تووڕەی خەڵکەکە لە یەک گرێدرا بوون. شەپۆلی بارانی تانە و تەشەرلە چاوەکانیانەوە سەرتاپای ئاسۆی دەشۆردەوە. ئەوەیش کزۆڵە و پرئەندێش دەکەوتە بەرپلاری جنێوی ژنان. هی وابوو دەیگوت« ئەی بێ وەفا، ئەی خاین » چەن پیاو دەیان چپاند بە گوێی یەکدا و دیان گوت « شێت بووە داویە لە کەڵەی » یەک دوو ژن تفیان لە بەرپێی خۆیان ڕۆکرد و دەیان بۆڵاند « لەحنەت لە هەرچی پیاوە، پیاو کەی وەفایان هەیە » چەن ژنێکی دیکە دوعا و نزایان لە ئاسۆ دەکرد.
کابرای وا خۆی کردبووە دەمڕات، گوتی « دۆستانی بەڕێز زۆرسپاستان دەکەین کە لە ڕیی و ڕەسمی ناشتن و بە خاکسپاردنی دۆستی کۆچکردوومان دا بە شداریتان کرد، تکایە بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ هەر کەس پێی خۆشە تەشریف بێنێ بۆماڵی مام ئاسۆ »
بە دوای فەرمایشتەکانی ئەودا خەڵکەکە بڵاوەیان کرد. دەستەیەک بە سواری ئۆتۆمبیل دەستەیەک بە تاکسی شاری، ئەوانی دیش بە پێیان خۆیان دابوو ژێر بارانی پاییزی و بە پرتە و بۆڵە بەرەو شار ڕێ یان دەپێوا.
یەکێک لە دۆستەکانی مام ئاسۆ دەستی دایە بن باڵی و بە تووڕەییەوە گوتی « وەرە، وەرە، بابڕۆین نەگبەت. ئەوە بۆ بەم ئاخری عورەوە ئابڕووی خۆت برد! ماڵوێرانی خاک بە سەر، لەونت لێ گۆڕدراوە، یان شێت بووی »
بەڵام مام ئاسۆ خۆی لە دەستی دۆستەکەی ڕا پسکاند و گوتی « لێم گەڕێ دەمەوێ خۆم بە تەنیا لە سەر گڵکۆکەی گوڵەکەم بمێنمەوە. دەمەوێ بۆدواین جار تێر تێر ڕاز و نیازی دڵی خۆمی لەگەڵ بکەم. جا، ماڵئاوایی لێ بکەم »
دۆستەکەی گوتی « نا، نابێ، ڕەسم وایە کە ژنێک لە سەر قەبران بمێنێتەوە نەک پیاو »
مام ئاسۆ بە وەڕەزییەوە گوتی « کێ دەڵێ من بۆم نییە بە تەنیا لە سەر گڵکۆی هاوسەرەکەم بمێنمەوە. کێ لە من لەو نزیکترە. تکایە لێم گەڕێ با بۆ ئاخرین جار پڕ بە دڵ دەردە دڵی خۆمی لەگەڵ بکەم و سوکناییم بێ »
دۆستەکەی بە دڵ نگرانییەوە مام ئاسۆی بەجێ هێشت. سەری بەر داوەو ڕۆیی

مام ئاسۆ بەتەنیا لە سەرگڵکۆی هاوسەرەکی بە چۆکدا هات. بارانی فرمێسکی بە سەر گڵەکەدا باراند. بیرەوەری تاڵ و شیرینی ئەو هەموو ساڵەی کە لەگەڵ گوڵێ دا ڕابیواردبوو پەڕ بە پەڕ پشکنی. چ ماوەیەک بەو جۆرە بە سەر گڵکۆکەدا چەمابووە،خۆشی نەیدەزانی. تا ئەژنۆی شل بوو، و هێزی لێ بڕا. بە لەرزە لەرز دەستی کردە گۆچان و تەکان تەکان هەستا. و لە گڵکۆکە دوورکەوتەوە. چاوی گێڕا بە دەور و بەری خۆی دا. بینی کچۆڵەکە بە سیمایکی لە دڵەوە نزیک ، چەپکە سوورە گوڵەکەی بە دەستەوە و کز و مات دەیڕوانییە ئەو مام ئاسۆ بە ڕوو خۆشییە وە تێر، تێر سەرنجی کچۆڵەکەی دا، سەری ناوە بەر بەرۆکی خۆی ملی ڕێ ی گرت و هێوەر هێوەر دوور کەوتەوە.

..........................................

مام ئاسۆ لە سەرخۆ و بە ئسپایی چووە ژووری خەوەکەیی و لە سەر تەختەکەی ڕاکشا. چاوی بڕییە بن میچەکە، و چووە دنیای خەیاڵاتی خۆیەوە. یاد و بیرەوەری تاڵ و شیرینی ژیانی هاوبەشی لەگەڵ هاوسەرە کۆچکردوەکەی هەلاجی کردەوە. بۆنی خۆشی گوڵێ لەنجە و لاری، لەفزی شیرینی، دەنگی گوێ لاوێنی، زێهنی بە تەواوی داگیر کرد بوو. لە ناخەوە ئاخێکی هەڵکێشا و چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک و تک تک بە لاڕوومەتی دا چۆڕ چۆڕداچۆڕا. دواین وشەگەلی گوڵێ  لە گوێی دا دەزرینگانەوە. « ئازیزەکەم بۆ لە خەوت کردم »هەر لە دەم گوڵێ دەکاڵاوە. مۆمی خۆشەویستی هێشتا باریکە سۆمایکی تێدا مابوو. ئەو دەمە خۆشانەی ژیانی هاوبەشی ژن و مێردایەتی وەها لە مێشکی دا چەسپی بوو، هەتا هەتایە لە بیرنەدەچوونەوە. لە دنیای خۆنەزانی دا وەبیری هاتەوە کە هەمیشە بە گوڵێ ی دەگوت « خۆزگەم بە خۆت کە بە بێ دڵ پەرۆشی دەستەملانی خەو دەبی » سی ساڵی ڕەبەق ژیانی پڕ لە خۆشی و یەک ڕەنگی و بێ درۆ، و دەغەڵی. بە ئاسانی لە یادی دا نە دەسڕاوە. هەناسەیەکی لە ناخەوە هەڵکێشا و لە بەر خۆیەوە  زەم زەمەی دەکرد « ئاخ، کە نەمزانی و لە دەستم چوو، کوێربم قدریم نە زانی، ئێستا بە بێ گوڵێ من چ بکەم، »

هەستا و چوو نەوارە پڕکراوەکەی پرخە پرخەکەی گوڵێ هێنا و بە یادی شەوانی ڕابردوو، داینا بە تەواوی هۆش و هەواسییەوە نای بە گوێ ی وە. تا هێدی هێدی ئەویش شل بوو. . .

---

تێبینی ئەم کورتە چیرۆکە لە پێشدا بە فارسی داڕێژراوە. بە کەمێک دەستکارییەوە بە کوردی دامرشتوەتەوە

ڕەحمان